www.kurdistannet.org
19-2-2007 20:07 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## كوردستان پۆست كەی واز لە سوكایەتی كردن بەخەڵك دێنی ... سیامەند حاجی كەمال

ماوەیەكە كەسێك باناوێكی خوازراوەوە بی ئەوەی گرنگی بدات بە هیچ یاساو رێسایەكی رۆژنامەوانی كەوتۆتە جنێودان و ناو زراندنی من كە ئەمە نە لە ئسلوبی رۆژنامەوانی دەچێت و نە هیچ بەهایەكی ئەخلاقیشی تێدا بەدی دەكرێت، دەشی مرۆڤ لە ڕوانگە دروستەكانی خۆیەوە بڕوانێتە هەڵەی بەرامبەر بەمەرجێك ئەو ڕەفتارانەی كەسی بەرامبەر نكۆڵی لێنەكرێت نەك بەشێوازێكی دوژمنكارانە و سوكایەتی پێكردن هەموو جۆرە تۆمەتێكی نابەجی بخرێتە پاڵ كەسی بەرامبەر بە هەندێك قسەی بازاڕی و دوور لە ویژدان وەك ئەوەی كە كەسێك لەژێر ناوی (عوسمان عەلی) بەڕاست و چەپ و بەویژدانێكی خەوتوو هەزار و یەك تۆمەتی خستۆتە پاڵم.

هەرچەندە تێكرای هەڤاڵانم لە مەكتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن پێیان باش نەبوو وڵامی ئەو نوسینە بێبەهایە بدەمەوە كە عوسمان عەلی لە سایتی كوردستان پۆست بڵاوی كردۆتەوە بەڵام بۆ ئەوەی كاك عوسمان و هەمو ئەو كاك عوسمانانەی گومانیان لەمن هەیە بۆیان دەر بكەوێت كە ڕاستی ئەو تۆمەتانە چین بۆیە بە پێویستی دەزانم خاڵ بە خاڵ وڵام بدەمەوە.

-1 لە ڕوانگەی تۆ وە من جاش بوم و لە پشتەوەی پێكاب سەر دەكەوتم؟

لێرەدا من پرسیارێك ئاراستەی جەنابتان دەكەم كەسێك كە ئەمە ڕەفتاری بوبێت بەرلەڕاپەڕین چۆن ئەوكەسە لەدووای ڕاپەڕین ڕێگەی پێدراوە لە شوێنێكی هەستیاری وەك دەزگای دارایی و مەكتەبی سیاسی كاری هەستیار پێبدرێت؟ ئایا كەسێك نەبوو دەنگی نارەزایی لی بەرز بێتەوە بەتۆشەوە كە وا خۆت نیشان دەدەی كە خاوەن و خەمخۆری (ی. ن. ك) یت بۆ ئەوكاتە دیار نەبویت بۆ خیانەتت لە حزبەكەت كردووە و دووای 16ساڵ كەوتیتە خۆ.

-2 باسی ئەوەت كردووە كە من خانوێكم لە هەولێر كڕیوە بە بڕی (280000) دووسەدوو هەشتا هەزار دۆلار.

*لێرەوە بە تۆ و كەسانی هاوشێوەی تۆ دەڵێم كە ئەمە درۆیەكی شاخدار و بڕوا پێنەكراوە چونكە هەر لە تۆ دەپرسم منێك كە بەرێوەبەری ژمێریاری دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنم چۆن توانیم ئەم پارەیەم دەست بكەوێت چۆن توانیم ببمە خاوەنی ئەو خانوەی كەتۆ باسی دەكەیت و خۆم و هەر حەوت منداڵ و خێزانەكەم خەوێكی بێهودەی پێوە دەبینین، لە ڕوانگەی تۆوە بێت دەبی (ی. ن. ك) تاڵان كرابێت و دەزگایەكیش نەبێت بەناوی چاودێری دارایی و مەكتەبی دارایی كە ئەم دوو دەزگایە خۆیان چاودێرن تەنانەت بەسەر سەرف كردنی 1000 هەزار دیناری تازە، ئەگەر مەبەستیشتە بزانی كە من خانوی وام هەیە لە هەولێر ئەوا دەتوانی لە ڕێی دائیرەی تاپۆ بەدوا داچونێك بكەیت و بی منەتیشم لە تۆ و هەمو دەزگا پەیوەندیدارەكان كە من جگە لەو خانوە كەلاوەیەی باوكم تەنها بستێك ئەرزم هەبێت لە هەولێر، من لە ساڵی 96 هاتومەتە شاری سلێمانی و وەك تێكرای هەڤاڵانم بە شانازیەوە پارچەیەك ئەرزم پی بەخشرا و دووای ماوەیەك ئەرزەكەم فرۆشت و یەكێك لە كەسە نزیكەكانی خۆم هەندێك پارەی بە قەرز پێدام و توانیم لە بەكرەجۆ خانویەكی حكومی پی بكڕم كە ئێستاش نەمتوانیوە تەواوی قەرزەكانم بدەمەوە.

-3 لەووتەكانت دەردەكەوێت كە مەبەستتە بزانی بنەماڵەكەم هیچیان هەبوە یان نا؟

* ئەوەیان دەتوانی لەنێو خەڵكە ناسراوەكانی هەولێر وەڵام بەدەست بێنیت و بپرسی حاجی كەمال چی بووە چی هەبوە دڵنیاشم كە وڵامەكەت دەست كەوت ویژدانت خەبەری دەبێتەوەو ئەگەر بزانیت شەرم چیە ئەوا شەرم دەتگری كە بە من و بنەماڵەكەم بڵێی جاش كە دڵنیام خۆت ئەوە یەكێكە لە بۆشاییەكانت و خزمەتێكی زۆرت گەیاندووە بە فەوجە خفیفەكان، هەمو ئەو پێشمەرگە دێرینانەی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سنوری هەولێر گەواهی ئەوە دەدەن کە حاجی کەمال چەندە فریاهێزی پێشمەرگە کەوتوە و چۆن توانیویەتی پێشمەرگە بریندارەکان لە ڕێگەی چەند دکتۆرێکی ناسیاو و خزم تیمار بکات لەناو ماڵەکەی خۆمان کە ئێستاش دکتۆرە بەڕێزەکان و پێشمەرگە بریندارەکان لە ژیاندا ماون لە هەولێر و گەواهی ئەو ڕاستیە دەدەن کە حاجی کەمال چۆن گیان لەسەر دەستانە بە هانایانەوە چوە و ئیتر مرۆڤێك هەڵسوکەوتی هەموی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بوبی و بڕوای تەواوی بەو هێزە فریاد ڕەسە بێت چۆن دەهێڵێت کوڕەکەی ببێتە جاش و خیانەت بە گەلەکەی بکات وەك تۆ بە خائین ناومان دەبەی دڵنیام لەوەی ئەوکاتەی ئێمە خزمەتمان بە شۆرش و پێشمەرگە دەگەیان جەنابپان زاتی ئەوەتان نەدەکرد تەنها بلێن (پێش) .

4- باسی دوو ئۆتۆمبێلت کردوە کە یەکەمیان مازدایەو ئەوەی تریشیان بە قسەی تۆ بێت (هامەر) ە یان مۆرانۆ.

* نادروستی زانیاریەکانت تا بڵێی هەزەلین و ئەگەر خۆت لەئاست واقعی ئەم دواییەی کوردستان کوێر نەکەیت ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە ئەوەی قیمەتی نەمابێت لەم وڵاتە ئۆتۆمبێلە کە کەسانێکی وەك تۆ لەوانەیە هامەر یان هەرجۆرە ئۆتۆمبیلەکی گران بەهای پی بێت بۆ زانینی جەنابیشتان پێت ڕادەگەیەنم کە حاجی کەمالی باوکم لە ساڵی 76 باشترین ئۆتۆمبیلی پێبوە و منیش هەرگیز بی ئۆتومبیل نەبوم بەڵام ئەوەی تۆ باسی دەکەیت دەبی خەڵك بە دەوری ماڵەکەمدا بوەستێت بۆ ئەوەی بزانێت سەیارەکەم چ مارکەیەکە کە بە بەر چاوی هەمو کەسێکەوە دیارە ئۆپلێکی مۆدێل 2000 م هەیە و مازداکەی کەباست کردووە هی براکەمە کە کارگێڕی لقی مافیەروەرانە لە هەولێر.

5- بەنسبەت چۆنیەتی بژێوی ژیانم لە سەردەمی نەبونی تێکرای خەڵکی کوردستان؟

* پێم باش بوو ئەم پرسیارەت وروژاندووە چونکە مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی دارایی ئاگادار بون کە من بەر لەوەی موچەم وەك پێویست بەش بکات کارێکی ترم دەکرد دووای دەوام بە ئۆتۆمبێلە تاکسیەکەم کارم دەکرد تا کاتژمێر 6ئێوارە کە دەتوانی بچیت لە دەروروبەری ئوتێل ئاشتی پرسیار بکەیت هەڵبەت ئەگەر بژێوی ژیانم ئەوەندە قورس نەبوایە منیش وەك تێکرای هاورێکانم حەزم دەکرد دووای دەوام پشوو بدەم بەڵام بژێوی ژیانی من جیاواز بوو چونکە من 9سەر خێزانم بە ملەوەبوو، سەرباری کاری تەکسی و کاری خۆم لەسەنتەری هەورامان بۆ پەیوەندی تەلەفۆنی وەك ووردبین کارم دەکرد تا درەنگانی شەو.

پێم باشە لێرەوە هەندێك درۆی زەق کە جێی بڕوا پێکردنی هیچ کەس نین بەدرۆیان بخەمەوەو تیشك بخەمە سەر ڕاستیەکان کە بەم شێوەیە نین کە کا عوسمانی قین لە دڵ دەیەوی دەستی چەوری خۆی بە سەری من بسرێت.

لە هەموو دام و دەزگایەکی حیزبی و حکومی یاسایەك هەیە کە پێی دەوترێت یاسای سەرف ئەم یاسایە دەسەڵات نادات بە هیچ کەسێك سەرفی پارە یان کەل و پەل بکات جگە لە لێپرسراوی یەکەمی ئەو فەرمانگەیە یان ئەو دەزگایە، دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندن سەرفی هەر بڕە پارەیەك 100% دەبێت بە بڕیار بێت و بە زیاتر لە 3سی فلتەردا گوزەر دەکات جگە لەمەش ئەمری سەرف یان پارەی دەزگا لای بەڕێوەبەری ژمێریاری نیە بەڵکو بڕیار لای بەرپرسی یەکەمەو پارەش لای خەزنەدارە و وورد بین و ژمێریارەهەن کە ورد بین و ژمێریار و خەزنەدار سەر بەمەکتەبی ڕاگەیاندن نین و ڕاستەوخۆ سەر بە دەزگای چاودێری دارایین جگە لەمەش هەر چوار مانگ جارێك لیژنەیەك لە دەزگای چاودێری دارایی دێن بۆ وردبینی کردنی حساباتی ئەو چوار مانگەی ڕابردوو، بۆیە بە کاکی نوسەر دەڵێم بۆ ڕاستی و دروستی ئەم وشانەی سەرەوەم دەتوانیت بەدووا داچون بکەیت و سەردانی هەم حساباتی دەزگاکانی هاوشێوەی ئەو دەزگایەی کە من کاری تێدادەکەم بکەیت و بپرسیت لە چۆنیەتی سەرف بەڵام دووای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەرکەوتنی ڕاستیەکان چۆن کوێرانە نوسیوتە شەلم کوێرم نابوێرم دەنگی ویژدانت ئاسودە بکە و ڕاستیەکان ببینەو ببیستە کە دڵنیام کەسێکی هاوشێوەی تۆ نازانێت و فێر نەکراوە ویژدان چیە بۆیە ئەمڕۆ زۆر بی عەقڵانە کەوتویتە ناوزڕاندنی خەڵك بی گوێدانە بەها ئەخلاقیەکان لەئاست ڕاستیەکان چاو دادەخەیت.

لە کۆتایشدا ڕوی دەمم دەکەمە سایتی کوردستان پۆست کە ئیتر کاتی ئەوە هاتوە کەوا خۆیان و سایتەکەیان بپارێزن لە جنێو فرۆش و هەلپەرستەکان چونکە ئەم ماوەیە دەرکەوتوە کە ئەم سایتە بەئاراستەیەکدا هەنگاو دەنێت دوورە لە هەموو دابونەریتێکی ڕۆژنامەوانی و هەندێك کەس خەریکە بۆ مەرامە تایبەتیەکانی خۆیان بەکاری دێنن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.